# ئیمێڵەکەتانم بەدەست گەیشت!

بۆ هاوڕێیانم نورەدین و ڕامیار لەهەر کوێیەك بن!

دیار عەزیز شەریف

شەوێك بەپەلە پەل و مشەوەشیەك دوو کافێی ئینتەرنێتم کرد تا دوو ئیمێلی پڕ لە نیگەرانیم بۆ ئێوە نارد، ئەو شەوە ئەوەندە بێتاقەت و شپرزە ببووم کە تەنیا ئیمێل چەشنی تلیاك (هەرچەندە تائێستا نەمکێشاوە!) ئارامی دەکردمەوە، کەوتمە نووسینی هەندێك ڕستەی ئەلکترۆنی....."هاوڕێی ئازیز بەهۆی بێئومێدبوون لە خەونەکانەوە خەریکە کەڵکەڵەی سەفەر لە مێشکم دەداتەوە، دەزانم وەزعی پەناهەندەش لەوێ باش نییە، ئەمەیانم لا گرنگ نییە دوای هاتن چی ڕوودەدات، بەس نییە سەفەر ڕێگایەکە چاوت لە نیشتیمان بزردەکات، بۆیە ئەوەی کە زۆر گرنگە لامەوە لێرە هیچیتر ڕوونەدات کە لە بەهای (مرۆڤبوون) کەمباکاتەوە و بیخاتە سەر بەهای پیرۆزی حیزب و پیاوەکانی، وەك دەڵێن چیتر ئەو فیلمە تراژیدیە دووبارەنەبێتەوە کە تەسەورناکرێ ئەم کەشتییە بەرەو کوێیمان دەبات؟ بەهەرحاڵ ئێوە بەڵکو بتوانن تاقیبێکی یوئێن بکەن ئاخۆ چیدیکە مرۆڤی تێکشکاو و شاربەدەر وەردەگرن، با برادەرانی ئێرەش خاترجەم بن کە چوومە ئەوێ بە بەڕێوەبەرەکەی یوئێن دەڵێم: گەورەم خۆ وڵاتەکەم هیچ عەیبێکی نەبوو کە من لێیەوە ڕامکردووە، ئەوەندەیە خۆم چیتر تەحەمولی ئەو کەشە دیموکراسیەم نەکرد، چونکە سروشتی ئێمەمانان وایە لە منداڵیەوە هەر بەدیکتاتۆریەت ڕاهاتووین، تەنانەت کە لەدایك دەبن هەمووولایەك دەزانن دیکتاتۆرێکی داهاتوو هاتە دنیاوە، ئینجا لەهەر قەبارەو شێوەیەك بێت ئەوەیان گرنگ نییە، دەنا لەوێ لەم (.......ستان)ە ئازادی تەواو باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە.....ئینسان ئەوەندە ئازادە کە نازانێ چ لەم هەموو ئازادییە بکات کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەسەریەکدا کەڵەکە دەبێت، لەوێدا هەتتا ئەو لەحزەیەی کە هاتیشم دیموکراسی هەموو کوچەکانی ژیانی تەنیبووەوە ئیدی گەیشتە ئەو ڕادەیەی دراوسێیەکانمان بێن بۆ کەمێك ئازادی و دیموکراسی دەستمان لێ پانبکەنەوە.....ئەگەر ڕاگەیاندن و جۆرنالیستە پرۆفیشنالەکانی نەبووایە خۆ وڵاتانی دەوروبەر لە کوێ بزانن وڵاتەکەی ئێمە ئەوەندە دیموکراسییە.....لە موناسەباتی جۆراوجۆر زورناژەنەکانی ڕاگەیاندن دەیانگوت وا خەریکە دەوروپشت و ناوچەکە چاو لە ئەزموونە دیموکراسیەکەمان دەکەن، بەڵێ گەورەم پێویستە ئێوەش دەرس و عیبرەت لە ئەزموونە بێوێنەکەی ئێمە وەربگرن و چیدیکە بە خەیاڵی دیکتاتۆری و تاکڕەوی و حیزبی حاکم لێی نەخوڕن، دەزانی بەدەستە خۆم نییە هەندێجار دەکەومە گومانەوە کە ئاخۆ دەبێ گریکە کۆنەکان مەفهومی دیموکراسییان لە ئێمە نەدزیبێت؟ بۆ نابێ هەموو شتێك دەبێت؟ ڕاستت پێ بڵێم هاتنی من لەم ئاخرو ئۆخرەداو دوای ڕووخانی دیکتاتۆر پەیوەستە بە بارێکی شەخسی خۆم و هیچی تر، دەنا لەوێ وا هەزاران نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرپەروەر ڕێزباران دەکرێن، چونکە "کۆمەڵگای مەدەنی" پێی ناوەتە هەموو ماڵێکی کوردییەوەو نووسەرانیش چرکە بەچرکە ئاگاداری وردو درشتی ژیانی خەڵك و دەسەڵاتی سیاسین، خوا هەڵناگرێ لەوێ ڕێزلێنان....زەوی....خانوو....سەیارە....موچەی نزیك ملیۆن و بەسەرەوەو چەندین ئیمتیازی تر کە ئێستا نایەت بەخەیاڵمدا هەموویان مەکرەمە یەك لەدوای یەکەکانی حیزب و حیزبی حاکمن، حیزب فەردەکان لەیاد ناکات، گەورەم ڕۆژنامەنووسی وا هەبوو کە بەئیستیسنا زەوی باشیان پێدا، بەڵام چیت لێ بشارمەوە ئێمە هەر خۆمان حەزمان بەئاژاوەو فەوزا بوو، چ بکەین ژیان وایە هەندێك تا ڕادەی مردن حەز بە ئارامی دەکەن و هەندێکیش هەرگیز داناکەسێن...... گەورەم بڕوابکە ئێمە چەندین جار بە پەرلەمانتارانی

ولاَتانی دیکه پێدەخەنین کاتێك له سکرینی تەلەفزیۆنەکانی خۆمانەوه دەبنه هەواڵی سەرەکیو زۆر ورووژێنەری کەناڵه کوردییەکان، بۆ نموونه لەو ڕۆژانەی دوایی له کەناڵێکی زلهێزەکه شەڕولێکدانی پەرلەمانتارانی کۆریا (نازانم باشوور بوو یان باکوور) ببووه سەردێری هەواڵەکان....پەرلەمانتارانی کوریا له کۆبوونەوەیەکدا نەگەیشتبوونه یەك، بۆیه بەکورسی کەوتنه سەروگوێلاکی یەکتر، بەلاّم ئێمه بەدرێژایی سێزده ساڵی ڕەبەق له ئەزموونی پەرلەمانیی هێشتا عەیبی وامان بەسەردا نەهاتووه، چونکه کۆمەڵگاکەمان ئەوەنده بیّ کێشەو کامەرانه لەخوا بەزیاد بێت هەموو جەلسەکانی پەرلەمان ئەندامه مولتەزیمەکانی (بەکۆی دەنگ) لەسەر مەسەلەو بڕیارەکان قایل دەبن، لەبەرئەوه نا ئەگەر ڕازی نەبن دڵی حیزبەکەیان لێدەڕەنجیّو لەوانەشه موچه خەیاڵیەکەیان تەبەخور بکات، نا بەڕێز وەهمی وا بەمێشکدا نەیەت، لەبەرئەوەی لەدوای ڕاپەڕینو له گۆڕنانی بەعس ئیدی دنیا بووه شامی شەریف، ئیدی ساڵی شووم کۆتایی پێهاتو لەمه بەدواوه خەڵك زانیان داهاتی ولاّتەکەیان چەندەو پشکی خۆیان بەعەدالەتی وەردەگرت هەموو هاولاّتیان لەژێر چەتری دیموکراسیو دادپەروەری کۆمەلاّیەتی حەسانەوه...چوزانم دەیان دەسکەوتی دیکه ئەگەر بۆتی بگێڕمەوه "هەزارو یەك شەوه" دووباره دەبێتەوه، ئەگەر زۆریش موشتاقی ئەو ئەرشیفه دیموکراسییەی ئەوا دەنێرم یەك شانامەی فیردەوسیت له ئەرشیفەکانی ڕاگەیاندنت بۆ بێنن، که پڕیەتی له مەدحو سەناو ستایشو یەك دنیا فەزلو حیکمەتو کەرەم. گەورەم ئەگەر لێره کەیسەکەم قبولّ بکەن (کەیسی مرۆڤێك که چیدیکەی نەیدەویست پێلاّوەکانی بەولاّتەکەی ببەستێتەوه یان ڕۆژگارێك چەندین پێلاّوی تازەو جوانی سووتاند تەنیا لەبەرئەوەی که سەیری دەکرد دەیزانی ئەو شته بیّ گیانەیه به ولاّتەکەی دەبەستێتەوه) جا وەك وتم گەر سەفەری ولاّتێکی خۆرئاواییم مسۆگەرکرد به (نیووۆرکەریش) کرێکاری نویّ بێت وەك سالاری هاوڕێم دەیگوت ئەوان کرێکاری نوێیان دەوێت!.....جا گەورەم مەرحەمەت بفەرمووو داواکەم ڕەتمەکەوەو ئەلێرەوه بەده پەنجه لەسەر پەناهەندەییو مەنفابوونو غوربەتو دووری نیشتیمان مۆری دەکەم.... سەرت نەیەشێنم ئیمێلەکەتم بدەریّ بەڵکو لەویّ نامەیەکت بۆ بنووسمو هەموو ڕاستییەکانت بۆ بدرکێنم.....؟

هاوڕێیان....... بەداخەوه پێش ئەوەی مەسێجەکەتان بخوێنمەوه ترسی ئەو ڕستەیەم هەبوو که هەردووکتان بێئاگا لەیەکتری بۆتان نووسی بووم، ئەویش "خەیاڵی سەفەر له مێشکتدا دەربێنه، چونکه کاتی بەسەرچوو" باشه ئەدی چاره چییه، پێم ناڵێن ئەو ساتەی خەونەکانیش بەسەردەچنو بۆ هەمیشه زیندەبەچاڵ دەکرێن ئیدی سەرهەڵگرتن نەبێت چ ڕێگایەکی دی فریامان دەکەوێت لەم تاریکستانه!!

diaryaziz74@yahoo.com